حەماس: ئیسرائیل بەرپرسیارێ لەڕاگریکردن لەدەستپێکردنی دانوستانەکان لەم قۆناغەدا



بزوتنەوەی حەماس جەختیکردەوە،ئیسرائیل بەرپرسیارێ لەڕاگریکردن لەدەستپێکردنی دانوستانەکان لەم قۆناغەدا،ئاماژەی بۆوشکرد کەهیچ دانوستانێکی ئەستای نەوان بزوتنەوەکەو ئیسرائیل نییەسەبارەت بەقۆناغی دووەمی ڕاگەیەندنی ئاگربەست لەکەرتی غەززە.

حازم قاسم، لەلێدوانێکدا رایگەیاند،"ئیسرائیل هەوڵەدات بارمتەکانی وەربگرێتەوەلە هەمانکاتدا بژاردەی دەستپێکردنەوەی دەستدرێژی لەسەر کەرتی بەکراوەیی دەهێڵێتەوە".

وتەبێژەکەی حەماس لەخنەی لەهەوڵەکانی ئیسرائیل گرت بۆ خۆدزینەوەلەپابەندبونی بەکۆتاییهێنان بەشەڕ و کشانەوەی تەواوەتی لەکەرتی غەززە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی درێژکردنەوەی قۆناغی یەکەم بەو شێوەیەی کەحکومەتی ئیسرائیل پێشنیاری کردوە، بەتەواوی جێگەی قبوڵکردن نییەبۆبزوتنەوەکە.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئیسرائیل هەوڵەدات شتەکان بگەڕێنێتەوەبۆ چوارگۆشەی یەکەم بەتەکەڵەکردنی کارتەکان و ئاڵۆزکردنی دۆخەکە.

حازم قاسم جەختیکردەوە، حەماس پابەندە بە مافەکانی گەلی فەلەستین و داواکاری ئونیان بۆ کتاییەنان بە دەستدرێژی و هەڵگرتنی گەمارۆ بە تەواوی و دنیابون لەوەی کە هیچ مەرجێکی نادادپەروەرانە لە هیچ ڕووکەوتنێکی داهاتودا نەسەپێندرێت.